دیوانی

مـــه


و

لـــه

و

ی

تاوەگۆزی



ئەوەند نە مردام وەرتەرجە مردن
حەلقەی زوڵف تۆم شێ نەگەردن

اسماعیل تەلیەبی

١١٤١ کۆچی

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

تەسلیت: ل: ٤٢٦

پێشکەشم کرد بە برای خۆشەویستم

کاک مەلا موحەممەد عەلی

محمد امین مستری

# دیوانی

# مەولەوی

کۆکردنەوەو ، لێکۆڵینەوەو
لێکدانەوەو ، لەسەرنووسینی :

مەلاعبدالکریمی مدرس

پێش نوێژو خوتبەخوێنی مزگەوتی ئەحمەدی
وە مامۆستای خوێندنگای شێخ عبدالقادری گەیلانی
لە بەغدا

وەزارەتی مەعاریف یارمەتی داوە بۆ لەچاپدانی
بەغدا ـ چاپخانەی ( النجاح )
١٣٨٠ هـ ١٩٦١ م

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين

# سەرەتا

لە کوشی ئەم کوردەواری‌یەی ئیمەدا گەلی ئەدیبی پایەبەرز پەروەردە بوون کە بە گویرەی سەردەم‌و ری‌وشوینی خویان هیچیان لە ئەدیبانی بەناوبانگی ولاتانی‌تر کەمتر نەبووە ، بەلام کەمیان بویان هەل‌کەوتووە لەگەل مردنیانا ناویان کویر نەبیتەوەو نیشانەیەکیان لەپاش بەجی‌بمینی‌و هەوالیکی کەم‌وکورتیان بزانری .

دوستی خوشەویستم ( سید علاالدینی سجادی ) توانیویە بە هەر زەحمەتیک بووە ناوی کومەلیک لە شاعیرەکانی کوردستان کوبکاتەوە لە میژووەکەی‌دا ، بەلام سەرگوزەشتەی تەنها چەند کەسیکیانی دەس‌کەوتووە ، ئەوانەیش زوربەیان لەم سەردەمانەی دواییدا ژیاون .. ئاخو ئەوانەی کە نە ناویان ماوەتەوەو نە نیشانیان گەیشتبنە چەندصەد کەس ؟ مەگەر هەر خوا خوی بزانی ! لە خوالی‌خوش‌بوو ( شیخ علاالدینی بیارە )م بیست فەرمووی بە مەولەویم بیست وتی جاریکیان بە سەفەر چووم بو ( قەلای جوانرو ) لەوی کتیبیکی ( شیرین‌و فەرهاد )ی ناتەواوم دی لە تاقیکا کەوتبوو ، کە تەماشام کرد زور لە لام شیرین‌و ناسک بوو ویستم بە شیعری خوم تەواوی بکەم ، وە دەستم کرد بە نووسین‌و چەند شیعریکم نووسی ، پاشان کە بەراوردم کرد لەگەل شیعری ئەسلی کتیبەکە هینەکانی خومم ئەوەندە بە ناتەواو هاتە بەرچاو شەرمەزار بووم‌و دەسم لە نووسین‌و تەواوکردنی کتیبەکە هەلگرت .. ئیستاش ئیمە نازانین ئەو شیرین‌و فەرهادە کام شیرین‌و فەرهادەو دانەرەکەی کی‌یە کە ئەوەندە هونەرمەند بووە مەولەوی خوی لە عاستیا بە هیچ نەزانیوە .

هوی ون‌بوونی سامانی ئەدەبیمان بە پی‌ی تی‌گەیشتنی من چەند شتە ، یەکەم : هیرشی زوری لەشکری بیگانە بو سەر ولاتەکەمان کە بووە بە هوی فەوتانی زور خیزان‌و ویران‌بوونی گەلی شوین‌و لەناوچوونی گەلیک کتیب‌خانەو کتیبی نایاب . دووهەم : نەخویندەواری‌ی خەلکی ولات‌و نرخ دانەنانیان بو ئەدەب‌و پاشماوەی دیرینمان . سەهەم : بی‌قیمەتی‌ی ئەدەبی خومالی لە

بەرچاوی زوربەی گەورەکانمانا کە زمانی کوردی‌یان بە زمانیکی سووك‌و بی‌بایەخ دائەناو لایان‌وابوو ئەبی هەر چاویان لە ئەدەبیاتی زمانانی دراوسی بی .

ئەمروش کە ئەو هویانەی زوو تا رادەیەکی زور لەناوچوون ، لام‌وایە هوی گەورەی زیندوو نەبوونەوەی سامانی ئەدەبی‌ی کونمان بریتی‌یە لە بی‌پەیوەندی‌و لەیەك‌نەگەیشتنی ئەو کوردانەی کە بە شیوەی جیاجیا قسە ئەکەن ، وە لە کەمی‌ی چاپخانەو هوی بلاوکردنەوەو بازار دەس نەکەوتن بو هەموو جورە چاپەمەنی‌یەکی کوردی لە هەموولایەکی کوردستانا .

*** 

یەکیك لەو ئەدیبە بەرزانەمان کە سەردەم‌و شوینی ژیانیان وانەبوە بە زوویی ناوونیشانیان کویر بکاتەوە ( سید عبدالرحیمی تاوەگوزی ) یە کە زانایەکی بەرزی ئایینی‌و سوفی‌یەکی بی‌گەردو شاعیریکی بی‌هاوتا بووە ، وە هەلبەستە پرشورەکانی لە بەشیکی گەورەی کوردستانا بووە بە ویردی سەرزوبانی هەموو ئەدەب پەروەریك‌و خاوەنی هەستیکی ناسك . وردی‌و ناسکی‌و سوزی غەزەلیاتی مەولەوی لە هەموو کوریکی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووە . ئەوەی لە شیعری مەولەوی گەیشتبی بە ناچاری گیرودەی دلگیری‌ی مەعنای بووە . بویە شیعری مەولەوی خوی گەیاندووەتە هەر کوریکی ئەدەبی ، وە لە دیوەخانی هەر گەورەیەکی ئەدەب پەروەری کوردا لە لای ژوورووەوە جی‌ی خوی کردووەتەوە ، وە ئیستاش ناوی مەولەوی لە هی هەر شاعیریکی‌تری کورد زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیەو خویشی لە زوریان زیاتر مافی خوی وەرگرتووە . ئەم‌راستی‌یە بەشیکیشی ئەگەریتەوە بو ئەو پەیوەندی‌یە بەتینەی کە مەولەوی لەگەل خوا لی‌خوش‌بووان ( شیخی سراج‌الدین ) و ( شیخی بهاٲلدین ) و ( شیخی ضیأالدین ) بوویەتی کە ئەوانیش خاوەنی گەورەترین خانەقاو خویندنگای ئایینی بوون لە سەردەمی خویانا لە کوردستانا وە مەنسووبیان لە هەموولایەکیدا بووە ، وە خویندنگاو خانەقاکانیان فەقی‌و سوفی‌ی لە زوربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە . ئەمەش بووە بە هوی ئەوە شیعری مەولەوی زوربەی ناوچەکانی کوردستان بگەری . جگە لەوە کە سەردەمی ژیانیشی پیشکەوتووتر بووە لە سەردەمی یەکیکی وەك ( بیسارانی ) و ( سەیدی ) کە لەگەل پایەی بەرزی شیعری‌یشیانا هیشتا ناوبانگیان لە دەرەتانیکی تەسك دەرنەچووە .

شاعیری خوالی‌خوش‌بوو ( حاجی توفیقی پیره‌میرد ) وه‌ختی خوی هه‌نگاویکی دلسوزانه‌ی نا که ژماره‌یه‌کی زوری له پارچه شیعره‌کانی مه‌ونه‌وی کوکرده‌وه‌و وه‌ری‌گیرایه سه‌ر شیوه‌ی سلیمانی‌و ( أصل ) و ( روح )ه‌که‌ی له دوو به‌رگا بلاوکرده‌وه .. منیش ده‌میکه خه‌ریکی کوکردنه‌وه‌ی شیعری مه‌وله‌ویم‌و ئه‌یان‌نووسمه‌وه . تا له‌م دوایی‌یه‌دا توانیم به‌ری ئه‌و ره‌نجی چه‌ند ساله‌یه‌م بکه‌م به‌م کتیبه ، وه بو به‌جی‌هینانی هه‌ندیك له واجبی سه‌رشانم به‌رامبه‌ر ئه‌ده‌بی نه‌ته‌وایه‌تیمان پیشکه‌شی خوینده‌وارانی کوردی بکه‌م .. له‌م کتیبه‌دا بو ئاسانی هاتووم پارچه هه‌لبه‌سته‌کانم به پی‌ی تیپه‌کانی ( ئه‌لف‌و بی ) ریکخستووه له‌سه‌ر بنچینه‌ی تیپی یه‌که‌می یه‌کم شیعری هه‌ر پارچه شیعریك ، وه به گویره‌ی ئه‌وه‌ی که دیومه نووسراوه یا له شاره‌زایانم بیستووه هوی دانانی هه‌ندیکیانم باس‌کردووه ، وه مه‌عنای ئه‌و وشانه‌م لی‌داوه‌ته‌وه که به ئاسانی نازانرین یا ته‌نها هه‌ر له شیوه‌ی شیعری کونمانا به‌کارهینراون . وه ئه‌گه‌ر مه‌عنای شیعریك ته‌نها به لیکدانه‌وه‌ی مه‌عنای وشه گرانه‌کانی نه‌زانری ؛ پوخته‌ی مه‌عنای ئه‌و شیعره‌شم لی‌داوه‌ته‌وه . وه ئه‌گه‌ر مه‌عنای چه‌ند شیعریك به‌سرابی به یه‌که‌وه ، مه‌عنای هه‌موویانم له ئاخر شیعریانا پیکه‌وه لی‌داوه‌ته‌وه .

له کوکردنه‌وه‌ی ئه‌م شیعرانه‌ی مه‌وله‌ویدا یارمه‌تیم له گه‌لی‌که‌س دیوه وه‌ك جه‌نابی ( سید طاهری هاشمی ) له ( ده‌وله‌ت‌ئاوا ) و ( حسن فهمی به‌گی جاف ) و ( حاجی حیدری کوره‌زای محمودی یاروه‌یس ) و ( شیخ احمدی شیخ صدیقی نیرگسه‌جار ) و ( مه‌لا کریمی ده‌له‌مه‌ری ) و ( مه‌لا کریمی گولپی ) و ( فه‌تی رشیدی هه‌مه‌وه‌ند )و چه‌ندکه‌سی‌تر که یا دیوان یا چه‌ند پارچه شیعریکی مه‌وله‌وی‌یان لابوو بویان ناردم‌و به‌راوردم کرد له‌گه‌ل ئه‌وه‌ی لام هه‌بوو ، وه چیم نه‌بوو نووسیمه‌وه ، یان یارمه‌تی‌ی ئه‌ده‌بی‌ی ترم لیوه دین له باره‌ی مه‌وله‌وی‌یه‌وه . سوپاسیکی گه‌رمی ئه‌م زاتانه ئه‌که‌م ، وه به تایبه‌تی جه‌نابی ( سید طاهر ) که که‌لکیکی زورم وه‌رگرت له نامیلکه فارسی‌یه‌که‌ی که له بابه‌ت مه‌وله‌وی‌و شیعری مه‌وله‌وی‌یه‌وه بوی نووسیبووم ، وه جه‌نابی ( حسن فهمی جاف ) که که‌شکوله شیعری‌یه‌که‌ی خوا لی‌خوش‌بوو ( محمود پاشا )ی باپیری دایه لام . هه‌روه‌ها ئه‌بی سوپاسی ئه‌دیبی به‌رزی کورد خوا لی‌خوش‌بوو ( رفیق حلمی )یش بنووسم که کتیبه‌که‌ی خوینده‌وه ، وه هه‌ندی سرنجی وردی

پیشان دا ، وە بریار بوو سەرەتای بو بنووسی ، بەلام مەرگ مولەتی نەدا .

دیوانی مەولەوی بە دەسنووس ، جگە لەو زاتانەی کە وتم یارمەتی‌یان داوم ، لای گەلی کەسی‌تریش هەیە ، بەلام من هەرچەند هەولمدا نەمتوانی دەسیان خەم . وەك زانیومە لای بەگزادە جافەکانی ( کەلار )و لای منالەکانی ( شیخ رسولی گومەتەی قەرەداغ )و لای شیخانی ( شاقەلا ) لە ( سەرشیوی سەقز )و لای سەیدەکانی ( لون )یش هەیـە . وەك بیستوومە نوسخەی سەیدەکانی ( لون ) هوی دانانی غەزەلەکانیشی لی‌نووسراوە . نامەی زورم بو هەموو ئەوانە نووسی بو داوای شیعری مەولەوی ، بەلام وەرامم لە کەسیانەوە دەسگیر نەبوو . هەروەها لام‌وایە کومەلە شیعری مەولەوی لای سەیدەکانی ( باینچو )یش هەبی ، بە نیشانەی ئەوە کە لە سەرەتای ماموستاییما لـە خویندنگای خانەقای ( بیارە ) خوا لی‌خوش‌بوو ( امین‌السـاداتی باینچویي )یش لەوی‌بوو زوربەی شیعری مەولەوی‌ی لەبەر بوو ، وە مەعناکانی باش ئەزانین‌و ئەیزانی کەی وە لە چ موناسەبەتیکا دای‌ناون . داخی گرانم ئەو روژە هەرچەند شیعری مەولەویم ئەنووسی‌یەوە ، بەلام فکری ئەوە نەکەوتبوە کەللەم کە بیکەم بە کتیب تا ئەو شتانەی ( امین السـادات ) ئەی‌زانین بی‌یان‌نووسمەوە . ( امین السـادات ) هەمووجاری ئەوەندە بەسوز شیعری مەولەوی‌ی ئەخویندەوە وەك دەرویش حالی لی‌بیت وا لە حالی تەبیعی دەرئەچوو .

هەرچون بی من ئەوەی لە توانامـا بوو کردم ، وە وەنەبی بلیم کەم‌وکورتی لە ئیشـەکەما نی‌یە ، چونکە پروژەی وا هەرگیز بە تاقەکەسیك بە بی‌کەم‌وکورتی ناهینریتەدی . لەبەر ئەوە ئەم تکایانەی خوارەوەم بەرەو رووی هەموو ئەوانە ئەکەمەوە کە ئەم کتیبەیان بەرچاو ئەکەوی ، بو ئەوەی کەلك لە یارمەتی‌یان وەربگرم ، وە ئەگەر عومر وەفای کرد جاریکی‌تر بە شیوەیەکی باشتر لـە چاپی بدەمەوە :

(۱) هەرکەس پارچە هەلبەستیکی لاهەبی کە لەم دیوانەدا بلاو نەکرابیتەوە ، یا بلاوکرابیتەوە بەلام لە نوسخەکەی ئەودا شیعریك یا چەند شیعریکی زیاتر بی ، ئەو پارچە هەلبەستە ، یا شیعرە زیادەکانمان بو بنیری .

(۲) ئەگەر لای ئیمە شیعریك لە پارچەیەکدا بلاو کرابیتەوە ، وە لـە

نوسخەی کەسیکدا لە پارچەیەکی‌ترا بی ، یا چەند پارچەی لای ئیمە لە نوسخەی کەسیکدا یەك پارچە بن ، یا بە پیچەوانەوە ، ئاگادارمان بکات .

(۳) ئەگەر وشەیەك لە شیعریکا ، یا جوملەیەکی لای کەسیك بە جوریکی‌تر بی ، بومان بنووسی .

(٤) هەرکەس لای وابی ئیمە مەعنای شیعریکمان خراپ لی‌داوەتەوە ؛ یان هوی دانانی پارچەیەکمان بە ناراست نووسیوە ، رای خویمان بو بنیری .

ئیتر هیوام وایە هەرکەس لەم رووەوە وا هەست بکا ئەوەی لایەتی ئەمانەتی ئەدەبی کوردە لای ، وە ئەبی ئەو ئەمانەتە بگەیەنی بە جیی خوی ؛ تا بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین میراتی ئەدەبیمان بە شیوەیەکی راست‌و دروست بگەیەنین بە نەوەکانی پاشەوەمان .

بسم الله الرحمن الرحیم

# تیپی ئەلف

(١)
ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم
دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم

(٢)
خەیاڵان خام هاوردم بەردم
هاوارجە دەمەی هەناسەی سەردم

(٣)
زووخاو گێج مەدا دیگ دەروون‌دا
هووناو هورشاناش جەستەی زەبوون‌دا

---

(١) سەرواز کەرد : سەر ریژی کرد . هوون : خوین .

(٢) خام : خاو . دەمە : کزە بای ساردی سەر کیوان کە زستانان بە بەفرەوە بەرز ئەبیتەوە .

(٣) گیج مەدا : گیژی ئەخوارد . دیگ دەروون‌دا : لە مەنجەلی سینەدا . هور شاناش : قولپی ئەدا . جەستەی زەبوون‌دا : لە لەشی لاوازما .

ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ ڕەنگ گول گوون هوونم
قرچەی برێشتەی کوورەی دەروونم (٤)

چون دانەی سەر ساج هور ئامام جار جار
جە تاو دووکەڵ ، جە شەرارەی نار (٥)

سۆزیام هەی سۆریام ، وێنەی، شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور (٦)

(٤) ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ : ڕەنگی ڕەنگاو ڕەنگ . گول گوون : گول ڕەنگ
بریشتە : برژاو ، واتە : گیرودەی ئەم حالەم .
(٥) هور ئامام : هەڵئەهاتمەوە : شەرارەی نار : بلیسەی ئاگر .
(٦) سوزیام : سووتام . سورمەی سوبحان : کلەی خوایي . ئاوەردەی کوی توور : هینراوی کیوی توور .

من قەقنەس نەویم ، ها بیم وە قەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو ، ها بەرشیم جە دەس (٧)

ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون
پەی دووریی یاران بەتەر بیم زەبوون

ڕۆ جە شەو فێشتەر ، زار و زەلیم
ساقی ! سا جامێ ، ئەمجار دەخیلم (٧)

بدەر پێم نۆش کەم چون هەردە جاران
وە ڕەغم گردین گرۆی مەیخواران (٩)

شیعر وێم تەنخوای سەمتوور سازێ
لێدەر ، سا نەی چی ! هەر تارێش گازێ (١٠)

---

(٧) قەقنەس : پەلەوەریکە . نەویم : نەبووم . بەرشیم : دەرچووم . وەك ئەلین قەقنەس کە مردنی نزیك ئەبیتەوە هەندی پەلو پووش کو ئەکاتەوەو دەس ئەکا بە خویندن بە سەریا ، وە لە خوشیی دلی خویا ئەوەندە بال ئەدا بە یەکا تا ئاگر لە بالەکانی ئەبیتەوەو پەلو پووشەکەش ئاگری تی بەر ئەبیو خویشی ئەسووتی . دیسان خولە میشەکەی ئەبیتەوە بە قەقنەسیکی ترو هەر بەم چەشنە .. واتە : لە گری دەروونی خوما ئاگرم تی بەربوو سووتامو ئەمشەو بە یەگجاری لە دەس دەرچووم .

(٨) فیشتەر : زیاتر . لە ( بیشتر )ی فارسییەوە هاتووە .

(٩) بدەر پیم : بمدەری . هەردە جاران : جاری جاران . وە رەغم : بە کویرایي چاوی . گردین : هەموو . گرو : دەستە .

(١٠) تەنخوا : لە باتی . لیدەر : لی بدە . تار : تەل . واتە : شیعرەکانی خوم بە نەی لە باتیی سازو سەمتوور لی بدە ، با هەر تەلیکی وەکوو گازی وابی بو دەرکیشانی ریشەی جەرگم .

چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت
بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت (١١)

سا دەروێش ! کەفێ بدە نە ڕووی دەف
گیان منتظرەن پەرێ ڕێزەی دەف (١٢)

مغنی ! لێدەر یەك ئیمشەو سازان
بەشقی ئەو کەسە تۆش ئاوات وازان (١٣)

بەڵکە خەمانم تۆ دەری وە باد (١٤)
هەی های جوانم ، فریێم هەن مراد

ساقی ! سا دەخیل وە فریادم ڕەس
بە ڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس
دەور دەرە وە ناز چون هەردە جاران
پێم‌دەر یەك مەنێ سەباو ئێواران (١٥)

با وەس بالینم سێڵاو هوون بۆ
ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ (١٦)

---

(١١) بەرارو : دەربینی . تو تو : چین چین . میقراز : مەقەس . واتە با نەغمەی سازەکەت چنگ گیر کا لە جەرگم ، وە چین چین وەکو گازی مەقەس دەری کیشی .

(١٢) کەف : بەری دەس . ریزەی دەف : لەرینەوەی ئەو ئەلقانەی بە کەللەی دەفەوەن .

(١٣) سازان : سازەکان . بەشقی ئەو کەسە : بە عەشقی ئەو کەسەوە . توش ئاوات وازان : بە ئاواتی گورانی وتنی تووەیە .

(١٤) دەری : بدەی . فریم هەن مراد : ئاواتم زورە .

(١٥) دەور دەرە : سووری بخو . یـەك مەنی : ییکیکی یـەك مەنی واتە : گەورە ..

(١٦) با وەس : با بەس . بالینم : سەرینم . سیلاو : لافاو . ئامیتە تیکەلاو .

وەختەن سەر تا پام ببۆ وە زوخاڵ
بۆی سفتەکەم هور گێرۆ شەماڵ (١٧)
ساقی ! ئامانەن ، نەشوو جە ویرت
وە فریادم ڕەس تۆ بەشقی پیرت (١٨)
بەڵ ئیمشەو خەمان نەدەرۆم وە باد
ساقی ! گیان ، قوربان ، خاطر کەرە شاد (١٩)
بووە وە باعث ئەی نیم گیان سەخت
سا بەڵکە نەمرۆ ( مەعدوومی )ی بەدبەخت (٢٠)

– ٢ – [1]

ئازیز ! دیارەن ، وادەی لوامەن
ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن (٢)
دەوڵەتەکەی وەصڵ پا نە زەواڵەن
جارێو تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن (٣)

---

(١٧) ببو : ببی . بوی سفتەکەم : بو پرووزم . هور گیرو : هەلگری ، ببیا .
(١٨) نەشوو جە ویرت : لە بیرت نەچم .
(١٩) نەدەروم وە باد : نەمدا بە با . خاطر کەرە شاد : دلم خوش کە .
(٢٠) واتە : ببە بە هوی مانەوەی ئەو نیوە گیانە نارەحەتەم با نەمرم .

– ٢ –

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی فەقێیەتیدا بو ( شیخ عەزیزی جانەوەرەیی ) هاوڕێی نووسیوە کە لێی جوی بووەتەوەو چووە بو بانە .
(٢) لوامەن : رویشتنمە . ئەلوەدا : الوداع ، مالاوایی . ئەوەنامامەن : نەگەرانە دواوەمە . لە هەندی نوسخەی تردا نووسراوە : ( ئاماو نامامەن ) واتە : هاتنەوەو نەهاتنەوەمە .
(٣) وەصل : بە یار گەیشتن . پا نە زەوالەن : پی لە لە ناو چوونە . جاریو تەر : جاریکی کە .

# بێداری و ڕاست کردنەوە

(١) لە هەندی شوینا بە هەلە ( تەزەرو )مان بە ( جورە چولەکەیەك ) مەعنا لی‌داوەتەوە ، بەلام راستی‌یەکەی ( کوترە باریکە )یە .

(٢) لە لاپەرەی ( ٩٩ )دا لە پارچە شیعری دووهەمی ( تیپی پی )دا ( رەسوول )ی ( ئەی رەسوول )مان بە ( عیزرائیلی مەلائیکەی گیان کیشان ) مەعنا لی‌داوەتەوە . بەلام لە پاشا بومان دەرکەوت کە مەبەس ( شیخ رەسوول )ی باپیرە گەورەی ( سید طاهری هاشمی )یە کە تەدارەکی بەخاك‌سپاردنی ( شیخ عبدالصمد )ی کردبوو کە لە نزیکی ( دەولەت ئاوا ) مار پیوەی دابوو ، وە کوشتبووی .

(٣) شیعری ( شنەفتم ، گیانم بالا توول نەی )و شیعرەکانی پاشەوەی کە لە لاپەرە ( ١٧١ )دا بلاوکراونەتەوە لە داوینی پارچەی دووهەمی ( تیپی چیم )دا ، بە هەلە کەوتوونەتە ئەوی . پاشان لە جیگەی راستی خویانا کە ( تیپی شین )ە لە ژیر ژمارەی ( ١٢ )دا بلاوکراونەتەوە .

(٤) لە لاپەرەی ( ٢٠١ )دا دوو دیری حاشیەی شیعری یەکەمی پارچەی نوهەمی ( تیپی خی ) بە هەلە لە نیوانی دیری دووهەم و سەهەمی حاشیەی شیعری دووهەمی ئەو پارچەیەدا دانراون .

(٥) لە لاپەرەی ( ٢٢١ )دا نیوەی یەکەمی شیعری هەشتەمی پارچەی پینجەمی ( تیپی دال ) بە هەلە کەوتووەتە نیوانی هەردوو نیوەکەی شیعری نوهەمەوە .

سی تمەن

## بەنرخیەتی

### مەولەوی ودیوانەکەی لەلایەن سەییدیانەوە لەمەهاباد

ید عەبدوررەحیم ، مەولەوی زانا
وەکوو روز ، هەلات ، لەهەورامانا
کە شەبەقی داو کەوتە وورشەدان
رووناک بوو ، هەموو ناوچەی کوردستان
چونکە کوردیک بوو خەم خوروزانا
دیوانی بەرزی ، بەکوردی ، دانا
چون آوی کوردی ، لەبنەرەت بردی
دیوانی کوردی دانا ، بەووردی
بە نوکی تیژی پینوسی زیری
کولی ، گش عەردی ، بەرینی بیری
لەدەلیای قولی بی بنی هوشی
بودە رهینانی گەوهەرتیکوشی
ئەونەی دەرهینا دەنکەی مرواری
هەتا مرواری وەک باران باری
شین بوو ، بەتنوکەی ئاودیری باران
گول لەملە و دەشت وشیوو کوساران
لەگویی رووبارو جوگە و شەتاوان
لە بەرر رندوان وجوگیلکە وئاوان
گول باخی لەباخ ، شەوبو لەحەوشان
میلاقەو بەیبوون ، سویسنەو ، وەنەوشان
ئەوەی هونەر بی ، لە کوردەواری
لیی هونەوەتەوە ، رشتەی مرواری
جیگەی هین بەرزە وهین خاوەن شانە
بەزمانی کوردی ئەلیی قورعانە
باخاتی هیوای ( سەیدی ) گول دینی
کزەی خەزەل وەر ، لیی نەشە مزینی



لەژیر ژمارەی ١٢ داچاپ کرا